# ئەگەر هەرکەسێک خەوت؛ پێش ئەوەی نوێژی ویتر بکات، یان لەبیری چوو؛ ئەوا با ئەنجامی بدات ئەگەر بیری کەوتەوە

له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەرکەسێک خەوت؛ پێش ئەوەی نوێژی ویتر بکات، یان لەبیری چوو؛ ئەوا با ئەنجامی بدات ئەگەر بیری کەوتەوە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر هەرکەسێک خەوت پێش ئەوەی نوێژی ویتر بکات یان لەبیری چوو ئەنجامی بدات، هەتاوەکو بەیان دەرکەوت -کاتی بانگی بەیانی هات-؛ ئەوا لە پاش بانگی بەیانی -دەرکەوتنی بەیان- ئەنجامی دەدات، ئەم فەرموودەیە ڕوونی دەکاتەوە دروستە نوێژی ویتر لە پاش دەرکەوتنی بەیان -بانگی بەیان- ئەنجامبدرێت بۆ کەسێک لەبیری چوو بێت یان خەوتوو بێت؛ چونکە بیانوویەکی -عوزرێکی- شەرعی هەیە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee